چەند گۆڕانکارییەک لە تیپی تۆپی پێی یانەی زاخۆ

ئا: محەمەد سەعید کوردە

لەو ماوەیەی ڕابردوو، چەند گۆڕانکارییەک لە تیپی تۆپی پێی یانەی زاخۆ هاتوتە پێشەوە کە یەکێک لەوانە دوور کەوتنەوەی ڕاهێنەری یانەکە نازم شاکر ە، بە پێی زانیاری ڕاست و دروستی یانەکە دوور کەوتنەوەی نازم تەنیا بەهۆی نالەباری باری تەندروستی بووە، ئەگینا هیچ هۆکارێکی دیکەی لە پشت نەبووە، چونکە زۆر کەس لێکدانەوەی چەوتیان بۆ کردووە گوایە ئەم لەبەر ئەو سزا ئیدارییە خۆی بە دوور گرتووە کە ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن دەستەی کارگێڕی یانەکەوە بەسەریان جێبەجێکرا، ئێستاش کاپتن ئەمین یونس لە شوێنی ئەم مەشق و ڕاهێنان بە یانەکە دەداتەوە.

هەر بە پێی تازەترین هەواڵ لە یانەی زاخۆ دەڵێن ڕاهێنەر توانای جەستەی سەردار محەمەد پش مەشقی یانەی جێهێشتووە و ئێستا لە دەرەوەی ئێراقە.

هەر لە پێکهاتەی یانەکەدا ژمارەیەک یاریزانی سەرەکی بە هۆی پێکان و هۆکاری جیا جیاوە ناتوانن یاری بۆ یانەکە بکەن ئەمانیش یاریزانان کاوە حەسو و قاسم زێدان و ەئحمەد عەبدولجەبار و فەرهاد سدیق و یاسر ڕەعد و فراس ئیسماعیل.

هەر بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە ئێستا هەیە، یانەکە بۆند لەگەڵ سێ یاریزانی بەرازیلی و پورتوگالی و نایجیری مۆر دەکات .

بەفەرمی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ڕەزامەندی لەسەر یاریکردنی یانەی هەولێر لە نێو یاریگەی خۆی دەربڕی

ڕۆژی چوارشەممە یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بەفەرمی ڕەزامەندی لەسەر یاریکردنی یانەی هەولێر لە نێو یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریری لە جامی یەکێتی ئاسیا یاری بکات، ئەمەش بە نووسراوێکی فەرمی ئارستەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و یانەی هەولێر و یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا کراوە.

ئەم بڕیارى فیفا دواى ئەوەى دەستەى کارگێڕى یانەى هەولێر لە چەند ڕۆژى ڕابردوو چەند نووسراوێکى فەرمى تایبەت بە متمانەى ئاسایش و ئارمى بارى ئەمنى لە کوردستان ئارستەى یەکێتى تۆپى پێى ئاسیا و یەکێتى تۆپى پێى نێودەوڵەتى کرا.

لە نووسراوى یەکێتى تۆپى پێى نێودەوڵەتى ستایشى ئارامى بارووداوخى هەرێمى کوردستان بە تایبەتى شارى هەولێر دەکات و بەفەرمى ڕەزامەندى خۆى لەسەر بەڕێوەچوونى یارییەکانى یانەکە لە شارە نیشاندا.

ئەم بڕیارى فیفاش دەبێت ڕساتەوخۆ لەلا یەن یەکێتى تۆپى پێى ئاسیا و یانەکان جێبەجێ بکرێت بەبێ بوونى هیچ نارەزایەک.

جێگەى باسە یانەى هەولێر لە جامى یەکێتى ئاسیا لە کۆمەڵەى دووەم شانبەشانى یانەکانى کازمە-ى کۆەیتى و عەروبەى یەمەنى و ئیست بنگال-ى هیندى یارى دەکات و ڕۆژى 6/3/2012 یانەى هەولێر یەکەم یارى خۆى لە نێو یاریگەى خۆى بەرانبەر یانەى کازمە-ى کۆەیتى ئەنجام دەدات.

ڕاگەیاندنى یانەى هەولێر

سەرەڕاى یەکسان بوونى لیڤەرپوول خۆى گەیاندە یارى کۆتایى کارلینگ

لەیارى گەرانەوەى قۆناغى پێش کۆتایى جامى پیشەگەرەکانى ئینگلتەرا ناسراو بەکارلینگ کەپ یانەى لیڤەرپوول میوانداری یانەى مانچستەرستى کرد لەیاریگاى ئەنفلد، دواى یەکسان بوونى هەردوو یانە بەئەنجامى 2-2 یانەى لیڤەرپوول، توانى خۆى بگەیەنێتە یارى کۆتایى ئەم پاڵەوانیەتیە، بەهۆى سوود وەرگرتن لە یارى چوونداکە توانیبووى لەناو یاریگاى ئێتیحاد سەربکەوێت بەسەر یانەى مان ستى بەئەنجامى گۆڵێکى بێ بەرمبەر.

لە سەرەتادا یاریزان دى یۆنگ گۆڵى یەکەمى مان ستى تۆمار کرد لە خولەکى 31 و دواتریش ستیڤن جیرارد توانى گۆڵى یەکسانى تۆمار کرد لەخولەکى 40 گێمى یەکەم بەم ئەنجامە کۆتایى هات،

لەگێمى دووەمدا دووبارە یانەى مان ستى پێشکەوت لەڕیگەى یاریزان ئەدین دزیکۆ لە خوولەکى 67 و خۆشى مانشینى و یاریزانەکانى زۆرى نەخایەندو یاریزان بیلامى لەخوولەکى 74 گۆلى بەرامبەربوونى تۆمار کردوو یارى بەم ئەنجامە کۆتایى هات،لەکۆى هەردوو یارى یانەى لیڤەرپوول بە ئەنجامى 2-3 سەرکەوت بۆیارى کۆتایى، لە یارى کۆتایشدا یانەى لیڤەرپوول ڕووبەڕووى کردیف ستى دەبێتەوە

ڕیال مەدرید لەسەر دەستى بەرشەلۆنە ماڵئاوایى لەجامى شاى ئیسپانیا کرد

مۆرینهۆ:من تەنیا بۆ یارى کردن دێمە یاریگاى کامپ نو جێرارد پیکێ: لەگێمى دووەمدا بەرامبەر 5 هێرشبەر یاریمان دەکرد

لەیارى گەرانەوەى قۆناغى چارەگى کۆتایى جامى شاى ئیسپانیادا یانەى بەرشەلۆنە لەیاریگاى کامپ نوو میوانداری یانەى ڕیال مەدرید کرد،جیاواز لەچەند کلاسیکۆکانى ڕابردوو یانەى ڕیال مەدرید هەر لە سەرەتاى یاریەکەوە بەپلانى هێرشبەر یارى کردوو و چەندین هێرشى مەترسى دارى بردە سەرگۆلى یانەى بەرشەلۆنە،بەلام بەپێچەوانەوە یانەى بەرشەلۆنە پێش کۆتایى هاتنى تایمى یەکەم بە پێنج خوولەک توانى دوو گۆل لەلایەن هەریەکە لە یاریزان پیدرۆ و دانى ئەلڤێس تۆمار کران، لەتایمى دووەمیشدا سەرەڕاى قورسى ڕێگاکە بۆ یاریزانانى مۆرینهۆ بەلام توانیان لەم تایمەدا دوو گۆل لەڕێگاى هەریەکە لە ڕۆنالدۆ وبنزیمە تۆماریان کردوو، یاریەکە بەم ئەنجامە مایەوەو یانەى بەرشەلۆنە بەزەحمەت خۆى گەیاندە یارى پێش کۆتایى و یانەى ڕیالیش مالئاوایى کرد.

لێدوانى ڕاهێنەران و بەشێک لەیاریزانان

دواى یاریەکە لەکۆنگرەیەکى ڕۆژنامەوانى بۆ هەریەکە گواردیۆلا و مۆرینهۆ ڕێکخراو هەروەها بەشێک لەیاریزانانیش لێدوانى خۆیان هەبوو،سەرەتا مۆرینهۆ وەلامى زۆربەى زۆرى پرسیارەکانى ڕۆژنامەنووسانى نەدایەوەو تەنیا ڕایگەیاند کەوا یاریزانەکانى هەموو شتێکیان لەیاریەکەدا ئەنجام داو شایستەى هەموو ڕێزێکن، سەبارەت بە ئاستى ناوبژیوان هیچى مۆرینهۆ ووتى من هیچ قسەیەک ناکەم لەوەلامى پرسیارێکدا سەبارەت بە ڕازى بونى هاندەرانى یانەى ڕیال مەدرید بە ئاستى یانەکەى مۆرینهۆ گووتى:من نازانم ڕەنگە ئێوەى ڕۆژنامەنووس کاریگەریتان هەبێت لەسەر هاندەران،لەکۆتایدا سەبارەت بەسوود وەرگرتن لەیارى کردن لەیاریگاى کامپ نوو مۆرینهۆ گووتى:من تەنیا بۆ یارى کردن دێمە یاریگاى کامپ نوو لەگەڵ یانەکانى چیلسى و ئینتەر و ڕیال هاتووم بۆ ئەم یاریگایەو هیچ سودێکم وەرنەگرتووە،

لەلایەن خۆیەوە پیپ گواردیۆلا شانازى بەیاریزانەکانى دەکات و دەڵێت، یاریزانەکانم ئاستێکى زۆر بەرزیان ئەنجامداو توانیان لەدواى تۆمار کردنى دوو گۆل لەلایەن یانەى ڕیاڵ مەدریدەوە پاڕێزگاى لەگولەکەیان بکەن .گواردیۆلا لەبارەى یانەى ڕیال مەدریدەوە دەڵێت:پێشبینى ئەوەم دەکرد یاریەکە زەحمەت بێت و ئەم ئاستەى یانەى ڕیال مەدرید چاوەڕوان نەکراو نەبوو چونکە یانەى ڕیال مەدرید یانەیەکى گەورەیەو یاریزانەکانى ئاست بەرزن، توانیان لەم یاریەدا ئاستێکى باش پێشکەش بکەن و نزیک بن لەسەرکەوتن،لەکۆتاییدا گواردیۆلا دلتەنگى خۆى بەپێکانى هەریەکە لە ئینیستا و سانجێز دەربڕى و سوپاسى هاندەرانیشى کرد.

خاوەن گۆل پیدرۆ: دلخۆشم بەم ئەنجامەو گەیشتنى یانەکەم بۆ یارى پێش کۆتایى و یارى کردن لەگەل یانەى ڕیال مەدرید ئاسان نیە، بەلام ئێمە ڕاهاتوون لەکاتە زەحمەتەکاندا.

جێرارد پیکێ: ئێمە لەگێمى دووەمدا بەرامبەر 5 هێرشبەر یاریمان دەکرد و یاریەکى قورس بوو بەلام توانیمان سەربکەوین و دلى کەتەلۆنییەکان خۆش بکەین ئێمە شانازى دەکەین و لەئاستى ناوبژیوانیش زۆر باش

یاریەکەى بەڕێوەبرد و ناوبژیوانیکى سەرکەوتوو بوو

پێپێ: ئێمە زۆر لەیانەى بەرشەلۆنە باشتر بووین ئەمەش گیانى مەدریدیەکان و هێزى مەدریدیەکانە، پێپێ زیاتر دەڵێت من تەنیا باسى تۆپى پێ دەکەم و شانازى بەخۆمان دەکەین بەو ئاستەى پێشکەشمان کرد لە کامپ نوو.

دانى ئەلڤێس ؛ پێشبینیم نەدەکرد یانەى ڕیال مەدرید بەم ئاستە یارى بکات و تووشى شۆک بووم کاتێک بەم شێوەیە یاریان ئەنجام دا و بەلام دلخۆشم بەوەى توانیمان یانەى ڕیالى ڕکابەرمان لە پاڵەوانیەتیەکە دور بخەینەوە، ئەو گۆلەشى کە تۆمارم کرد پێش ئەوەى لیدانەکە ئاراستەى گۆل بکەم سەیرى تۆپەکەم کردوو بەهەموو توانای جەستەم تۆپەکەم ئاراستەى گۆل کردو گۆلێکى جوان بوو دلخۆشم بەم گۆلە.

ئا/ کاروان کەریم مەحمود

بارباره بیرلسکۆنى: باتۆش شایەنى گواستنەوەیە وەکو هەر یاریزانێکى دیکە

لە لێدوانێکى ناچاوەڕوانکراودا کچەکەى سەرۆکى یانەى ئەى سى میلانى ئیتاڵى و ئەندامى کارگێڕى ئەو یانەیە بارباره بیرلسکۆنى دووپاتى کردەوە کە یاریزانى بەرازیلى ئالیکساندەر پاتۆ وەکو هەر یاریزانێکى دیکە دەتوانێت بچێتە شوێنێکى تر بۆ یاریکردن، بەلام بارباره دەڵێت: پاتۆ دەتوانێت بچێتە هەر یانەیەک، بەلام دەبێت ئەلیگرى و گالیانى بڕیار بدەن و لەکۆتایشدا سیلیڤۆ بیرلیسکۆنى ڕەوشەکە هەڵدەسەنگێنێت. پێدەچێت لێدوانەکە تۆزێک نامۆ بێت چونکە بارباره بیرلیسکۆنى هەستێکى سۆزدارى لەگەڵ ئەستێرەى بەرازیلى پاتۆ هەیە.بەڵام ڕۆژنامەى ئالکوریرى دیلۆ سپۆرت کە هەواڵەکەى بڵاوکردەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو ڕێگر نییە بچێتە یانەى پاریس سان جێرمان بۆنموونە، کە ئەمە فشارى ڕاگەیاندنیان لەسەر کەم دەکاتەوە، ئەمەش وادەکات گریمانەکانى ڕۆیشتنى پاتۆ زیاتر بکات، بەتایبەتى لەو ڕەشە ناسەقامگیرەى ئیستا میلان پێیدا تێدەپەڕێت.

ئاراس عەزیز

یارییەکانى سبەى شەو

خولى نەتەوەکانى ئەفریقا

بوتسوانا-غینیا 7ى شەو، غانا –مالى 10ى شەو.

-جامى یەکێتى ئینگلیزى:

کۆینز پارک-چێلسى3ى ئێوارە، لیڤەرپوول-مانچستەر یونایتد 3.45ى ئێوارە، بۆڵتۆن-سوانزى، شیفیڵد یونایتد-بێرمنگهام، بلاکبۆل-شیفیلد وینزادى، هال سیتى-کرۆلى تاون، ستیڤینگ-ئۆتس کاونتى، میلوال-ساوسهامتۆن، دێربى کاونتى-ستۆک سیتى، لیستەر سیتى-سویندۆن تاون، وێست برۆمیچ-ئۆریچ سیتى6ى ئێوارە، برایتۆن-نیوکاسڵ8.15شەو.

-خولى ئیسپانیا:

راى ڤالیکانۆ-ئەتلەتیک بلباو، ئیسپانیۆل-ریال مایۆرکا8ى شەو، ریال مەدرید-زاراگۆزا 10ى شەو، ڤیاریال-بەرشلۆنە12ى شەو.

-خولى ئیتاڵیا:

کاتانیا-پارما8ى شەو، یۆڤنتۆس-ئۆدینیزى 10.45ى شەو

-خولى ئەڵمانیا:

بایرن میونخ-ڤۆلفسبۆرگ 5.30ى ئێوارە، بۆرۆسیا دۆرتمۆند-هۆفنهایم، ئۆجسبۆرگ-کایزەر سلاوترن، هێرتا بەرلین-هامبۆرگ، ڤێردەربریمەن-بایر لیڤەرکوزن5.30ى ئێوارە، کۆلن-شالکە 8.30ى شەو.